شۆخان مستەفا

## یاریزانی تۆپی دەستی یانەی کۆیە:

# خەونی گەورەم ئەوەیە بتوانم لە هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم



شاری کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە مێژووی وەرزشیی خۆی خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانا بووە لە یارییە جۆراوجۆرەکان، یاری تۆپی دەستی کچانی یانەی کۆیەش خاوەنی کۆمەڵێک یاریزانی کچی بەتوانایەو ئەگەر گرنگی تەواویان پێ بدرێت، بێگومان دەتوانن لە ئایندە سوودێکی زۆریان بۆ شارەکەیان هەبێت، یەکێک لە کچە یاریزانانی یانەکەش شۆخان مستەفایە کە لەدایک بووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری کۆیەیەو خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لەریزی یانەکەو چەندین ئەنجامی باشی لەگەڵ تیپەکە بەدەستهێنا، پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی ئافرەتانی هەولێرو برایەتی و کۆیە یاری کردووە، بۆیە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.



***ئاستی یاری تۆپی دەستی چۆن دەبینی و تاچەند لەلایەن یەکێتییە وەرزشییەکان خولتان بۆ دەکرێتەوە؟**

- ئاستێکی باشی هەیە و لە ریزی یانەکانیش یاریزانی بەتوانا هەیە، بەڵام ئەگەر خولەکان ساڵانە و بە بەردەوامی بکرێنەوە و لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، ئاستی یاریزانەکانیش بەرزتر دەبێت.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-بێگومان ئەگەر پاڵەوانیەتی نەکرێتەوە، بە هیچ شێوەیەك ئەم یارییە ناچێتە قۆناخی تازەو هەر لەم چەقبەستووییە دەمێنێتەوە. بۆیە بە هیوای ئەوەین بتوانین درێژە بە کاروانی وەرزشیمان بدەین و بەرپرسانیش خولمان بۆ بکەنەوە و هاوکاریمان بکەن.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاری تۆپی دەست بەرزتر ببێتەوە؟**

-کردنەوەی خولی بەردەوام و دامەزراندنی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە باش بێت .

***گرفتی یاریی تۆپی دەست زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی هۆڵی داخراو، نەبوونی توانای دارایی باش، نەبوونی پێداویستییە وەرزشییەکان، ئەوانە هەمووی گرفتن بۆ ئەم یارییە.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-بەڵێ چەند یانەیەك داوای یاریکردنی لێ کردووم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر پەرە بەتوانای خۆم بدەم و لە داهاتوو بتوانم ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنم.

*** رات چییە بەرامبەر بە یانەکانی کوردستان کە پشت بە راهێنەر و یاریزانانی بیانی دەبەستن؟**

- نەخێر، وەکو کچە یاریزانێك لەگەڵ ئەمە نیم، چونکە خۆمان خاوەنی چەندین کچە وەرزشکاری بەتواناین، ئەگەر هاوکارییان بکرێت هیچیان کەمتر نابێت لەگەڵ یاریزانانی بیانی.

*** لە ناو خێزانەکەت بەتەنیا تۆ وەرزشوانی، یان** کەسانی تریش هەیە لە بواری وەرزشی کاربکەن؟

- خێزانەکەشم زۆربەیان وەرزشوان و وەرزش دۆستن.

***داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرس چییە؟**

-بەهیوای ئەوەین زیاتر خزمەت بە بواری وەرزشی بکەن لەکوردستان و گرنگی بە ئاستی کچان بدرێت بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر بێنە نێو بواری وەرزشی .

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك و ئایا بەو هیوایە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانەکان؟**

-ئەوە خەونی من و سەدان یاریزانی وەکو منە بۆ ئەوەی بتوانم لە داهاتوودا خزمەت بە هەڵبژاردەی کوردستان بکەم. بەهیوای ئەوەشم لەداهاتوو لە رێگەی وەرزشەوە زیاتر خزمەتی شارەکەم بکەم.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داوا کراوی ؟**

-بەڵێ داواکراوم لە ریزی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراقی.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-دەستخۆشی زۆرم بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست هەیە کە ئەوان پێشەنگن لە بەسەرکردنەوەی کچ و کوڕە وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان، ئەوەش وەکو هاندانێکە بۆ یاریزانان، بەهیوای ئەوەم ئەم یارییەش زیاتر بەرەو پێش بچێت.

دیمانە: کارزان کانەبی



# لام خاڵی لاوازی بایرن میونیخ لەگەڵ ئەنچیلۆتی ئاشکرا دەکات

فیلیپ لامی ئەڵمانی و کاپتنی یانەی بایرن میونیخ دووپاتی کردەوە، کە یانەکەی دەبێت لە نێوان هێڵی بەرگری و هێرشبەردا خۆی بەهێز بکات، ئەگەرنا لەم وەرزەدا ئاستی باش پێشکەش ناکات.

پێش گەشتکردنی یانەی بایرن میونیخ بۆ وڵاتی قەتەر، فیلیپ لام بە رۆژنامەکانی گوت: دەبێت یانەکەمان وابکات، کە یانەی بەرامبەر هێرشی کەم بکات، چونکە لەئێستادا لەهەموو یارییەکدا هێرشی زۆرمان لەسەر دروست دەبێت و گۆڵمان لێ تۆمار دەکرێت، بۆیە دەبێت بە پێکهاتەیەکەوە یاری بکەین، کە هێڵی بەرگری و هێرشبەر رێکبخەینەوە، تاکوو هێرشی زۆر بۆ سەر گۆڵەکەمان دروست نەبێت، هەرچەندە لە یارییە بەهێزەکاندا ئێمە وامان کردووە.

لە کۆتاییدا لام رایگەیاند: کێشەی سەرەکیی یانەکەمان تەنیا ئەوەیە کە هێرشی زۆر لەسەر گۆڵی ئۆیەر دروست دەبێت، بۆیە گۆڵمان لێ تۆماردەکرێت، دەبێت ئەو هێرشانە کەم بکرێنەوە، ئەگەرنا ئاستی باش پێشکەش ناکەین.



# سامپاولی بە چەکی مێسی گاڵتە بە ڕۆناڵدۆ دەکات


خۆرجی سامپاولی ئەرجەنتینی و ڕاهێنەری یانەی ئیشبیلیە ئیسپانی، ڕایگەیاند کە تاکە کێشەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ڕیاڵ مەدرید ئەوەیە لەسەردەمی لیۆنێل مێسیدا یاری دەکات.

ڕۆناڵدۆ و مێسی لە نۆ ساڵی ڕابردوودا خەڵاتە تاکە کەسییەکانیان کۆنترۆڵ کردووەو ئەستێرەی ئەرجەنتینییەکە پێنج تۆپی زێڕینی بردووەو کریستیانۆش چوار جار.

لەسەر بەراوردی نێوان ئەو دوو یاریزانە، سامپاولی گوتی: ڕۆناڵدۆ یاریزانێکی گەورەیە، بەڵام کێشەی ئەو ئەوەیە لەسەردەمی مێسیدا یاری دەکات.

گوتیشی: ڕۆناڵدۆ شایستەی هەر خەڵاتێکە، کە پێی دەدرێت، بەڵام بە بۆچوونی من جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان مێسی و یاریزانەکانی دیکە، پێویستە هەموو ساڵێك تۆپێکی زێڕین بەو بدرێت و یاریزانەکانی دیکە کیبڕکێی بەدەستهێنانی تۆپێکی دی بکەن.

# دەنگۆی گەڕانەوەی مۆراتا بۆ یوڤێنتوس هەیە




بەهۆی یارینەکردنی لەگەڵ زینەدین زیدانی فەڕەنسی، باس لە گەڕانەوەی ئەلڤارۆ مۆراتای هێرشبەری ڕیاڵ مەدرید دەکرێت بۆ ڕیزی یانەی خانمە پیرەکە.

لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی کۆریێرۆ دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردەوە: ئەلڤارۆ مۆراتا ڕازیبوونی خۆی نیشانداوە لە بەرامبەر گەڕانەوەی بۆ یانەی یوڤێنتوس.

ئەم هەنگاوەی مۆراتاش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرانی یانە ئیتاڵییەکە لەهەوڵی بەهێزکردنی هێڵی پێشەوەدان تا بتوانن لەقۆناغی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا سەرکەوتووبن و بەرەو یاری کۆتایی هەنگاو بنێن.

ئەو ڕۆژنامەیە ئاماژەشی بەوەداوە هەرچەندە لە هاوینی ٢٠١٦ مۆراتا لە یوڤییەوە گەڕایەوە بۆ مەدرید، بەڵام دوای شەش مانگ دڵخۆش نییەو پێی باشە بە خواستنیش بێت بگەڕێتەوە یوڤی، بەڵام هێشتا دەنگۆکان لێدوانی فەرمی بەدوای خۆیدا نەهێناوە.



# زێرەڤانی دەستەیەکی ڕاهێنەری نوێی دەستنیشان کرد

سەمیر بابۆ ئەم وەرزە بەر لەدەستپێکردنی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان مەشقی یانەی زێرەڤانی وەرگرت بەئامانجی بردنی تیپەکە بەرەو لوتکەی یانەکان، بەڵام لەکۆی ئەنجامدانی شەش یاری لەگەڵ یانەکەی نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت و یانەکەی لە دوایین ریزبەندی یانەکان هێشتەوە، بۆیە دوای چەندین جار لە پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەی دواجار بە بڕیاری یەکلایەنەی خۆی دەستی لەمەشقی یانەکە کێشایەوەو لەگەڵ ستافی ڕاهێنەرانی تیپەکە بەرەو پایتەختی کوردستان گەڕایەوە، ئێستاش کارگێڕانی یانەکە بیر لە هەستانەوەی تیپەکەیان دەکەنەوە لە قۆناخی دووەم، لەم بارەشەوە عەبدولخالق حەسەن سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی

## کچانی گازی باکوور چاویان لـــ

دوای ئەوەی تیپی فوتساڵی کچانی گازی باکووری شاری کەرکووك لەخولی فوتساڵی نایابی یانەکانی عێراقی لەشاری دهۆك لەکۆمەڵەی باکوور توانییان بگەنە قۆناخی داهاتووی خولەکە، ئێستا تیپەکە چاوی لەوەیە بتوانێ ئەنجامی شایستەتر لەچوارگۆشەی زێڕینی خولەکە بەدەست بهێنێ کە تاکو ئێستا لێژنەی فوتساڵ لەیەکێتی تۆپی پێی عێراقی بڕیاری کۆتایی نەداوە لەسەر وادەی دەستپێکردنی یارییەکانی داهاتووی خولەکە، کچانی گازیش چاویان لەئەنجامی شایستەیە، لەم بارەشەوە قاسم جەمیل ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە توانیمان سەرکەوین لەگروپی خۆمان بۆ چوارگۆشەی زێڕین، هەرچەندە ئێمە بە پلەی سێیەم سەرکەوتووین، بەڵام بۆ قۆناخی داهاتوو بە شێوەیەکی چڕتر خۆمان ئامادە دەکەین.» قاسم گوتیشی: «ئێستا وادەی تاقیکردنەوەکانەو زۆربەی یاریزانەکانمان قوتابین، بۆیە ئامادەکاری و مەشقەکانمان ڕاگرتووە، جگە لەوەش ١٠ یاریزانمان لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقە، بەڵام ئێمە بەرنامەی خۆمان هەیەو هەر کاتێك یەکێتی تۆپی پێی عێراقی وادەی دەستپێکی چوارگۆشەی



بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هیچ کات ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین کە سەمیر بابۆ لە مەشقی یانەکەمان بکشێتەوە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر وازهێنانی، چونکە لەگەڵ هەندێك لە یاریزانەکان ئاسوودە نەبووە بەتەواوی لەیارییەکان دەرنەکەوتوون وەکو پێویست، ئەگەرنا سەمیر بابۆ یەکێکە لەباشترین راهێنەرەکانی کوردستان.» لەبارەی چارەنووسی یاریزانەکانیش حەسەن گوتی: «یاریزانەکان هەموویان بەردەوامن لەگەڵ یانەکەمان و تەنیا دوو یاریزانی پیشەگەرمان دوورخستۆتەوە بەهۆی خراپیی ئاستیان و دوویاریزانی یانەی دهۆکیش کە کوڕی شارەکەن خۆیان پێوەندییان بە یانەکەی ئێمە کردووە بۆ یاریکردن.» لەبارەی هێنانی راهێنەری تازەش گوتی: «چەندین راهێنەری بیانی پێوەندییان بە ئێمەوە کردووە بۆ ئەوەی مەشقی تیپەکەمان وەربگرن، بەتایبەتی لەشاری بەغدا، دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان کۆبووەوە، بڕیاری دا هەرمان سالّح راهێنەری تیپی پێگەیشتووانی یانەکەمان و ستافەکەی بەفەرمی بوونەتە راهێنەری یانەکە بۆ وەرزی دووەمی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان سەرپەرشتی تیپەکەمان دەکەن.» گوتیشی: «ئێمە هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نییە، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یانەی زێرەڤانی لە قۆناخی دووەم. سەمیر بابۆی راهێنەرو ستافەکەی پێوەندییان بە یانەی پێشمەرگەی هەولێر کردووە لە خولی کوردستان بۆ ئەوەی قۆناخی دووەم سەرپەرشتی ئەو تیپە بکەن.»

## ـــــــــــه نازناوی خولی عێراقە



زێڕینی راگەیاند، ئێمەش بە بەرنامەیەکی باشتر دێینە مەیدانەوە و چاومان لەوەیە بتوانین نازناوی خولەکەش بەدەست بهێنین.» لەبارەی کێشەکانی تیپەکەشیان گوتی: «ئێمە نامانەوێ کێشەکانی قۆناخی یەکەممان دووبار بێتەوە کە یارییەکان لەسەر یەك ئەنجام دەدرا، جگە لەوەش یاریزانەکانمان ژمارەیەکیان دووچاری پێکان بوون، بۆیە ئەوانە گرفت بوون بۆ ئێمە، هەموو هەوڵێکمان ئەوە دەبێت بە پشتیوانی دەستەی کارگێڕی و یاریزانەکان بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین.»